# شەهیدەکان ماڵیان لە شووشەیە
# بەرد ناگرنە ماڵی کەس
# شەهیدەکان ...!

دلاوەر قەرەداغی

شەهیدەکان ماڵیان لە شووشەیە
بەرد ناگرنە ماڵی کەس
دوو دوو و سێ سێ دێنەوە و
پۆلەکانی خوێندن پڕ دەکەنەوە
لە قەرەباڵغیی
تا دوای دەرسی شەشەم ناڕۆنەوە
دیوارەکانی گەڕەک پڕ دەکەن لە شیعر
مەچەکیان بە دڵ و تیر دەکوتن
جاددە پڕ دەکەنەوە لە پیاسە
بەدوای باشترین دەورەدا دەگەڕێن بۆ نەقاشیی
بۆ فێربوونی سەما
بۆ ژەنینی ئۆکۆردیۆن!

شەهیدەکان کۆڵانێک دوورتر ...
هۆدەو هەیوانێکی عەلا حەددە
لە حەوشی گەورەی سونبوڵدا بەکرێ دەگرن
دەبنەوە بە جیرانی کۆتر
هەمدیسان پەنجەرەیان بەرامبەر پەنجەرەی
ماڵی دادە ڕەیحانی ئافتاب
بەیانیی شەبەق باوکیان لە خەویان هەڵدەسێنێ
بۆ نانی گەرم کڕین
بەدیار گرمە و گەرمای تەنوورەوە
لەبەر خۆیانەوە
گۆرانی دەڵێن و دەنوون و
خەون دەبینن
لە خەونیاندا

شەویان بەسەردا هاتووە .... شەوێکی گەرم
لە بێشەڵانێکی چڕدا ون بوون
تینوێتیی پرستیان لێ دەبڕێ
دەڕۆن و قاچیان لەدوویان نایە
بانگ دەکەن و دەنگیان ... وشک
وەک بڵێی
لە قووڵایی بیرێکەوە بێت
نمناک و
تاریک و
تەنگ !

شەهیدەکان ماڵیان لە شووشەیە
بەرد ناگرنە ماڵی کەس
ئەوان کە عاشق دەبن
ڕەشەبایەک هەڵدەکا و
قژیان تێکدەداتەوە
کە دایکیان جوان بۆی شانە کردوون
قۆپچە بە کراسە سپییەکانیانەوە ناهێڵێ
کە خوشکە بچووکەکانیان جوان بۆی ئوتوو کردوون
ئەوان کە عاشق دەبن
گێژەڵووکەیەک لە باخەکانیانا هەڵدەکا
چاویلکە هەتاوییەکانیان دەفڕێنێ و
چاوانیان پڕ دەکا لە لم
کۆڵانە و کۆڵان
بە خۆڵدا .... بە بیابانێک تەنیاییدا دەڕۆن
وەک بۆنێکی خۆش
تاوێک بە چیچکانەوە لەبەر دەرگا دادەنیشن
چاکوچۆنییەک لەگەڵ باجی مینای بەختگرەوەدا دەکەن
هەر منداڵە و چنگە نوقوڵی خۆی لێ دەبا
هەر ژنە و سەتڵی خۆی لێ پڕ دەکا
هەر ماڵە و ئینجانەی خۆی
پێ ئاو دەدا
هەر پیرەمێردە و سۆڵۆی تەنیایی خۆی
پێ لێدەدا
ئینجا دەڕۆن و بەدەم ڕۆیشتنەوە

هێند تەنک دەنوێنن
کاتێ دەگەنە سەری کۆڵان
خەمین
هێور
نم نم
وەک تەمێکی شینی کاڵ دیار نامێنن!

شەهیدەکانماڵیان لە شووشەیە
کاتیان نییە بەرد بگرنە ماڵی کەس
کاتیان نییە بۆ تەماشاکردنی تەلەفیزیۆن
بۆ گوێڕادێران لە هەواڵەکانی شەڕ
بۆ خوێندنەوەی غەزەتە
بۆ چاوگێڕان بە بورجەکانی بەختدا
شەهیدەکان کاتیان نییە
بۆ ئیرەیی بردن بە کەس
ئەوان ئیتر هاوڵاتی جێگا و زەمەنێکی دیین
شەهیدەکان ماڵیان لە شووشەیە
خۆشبەختانە ... کاتیان نییە
کاتیان نییە
شەهیدەکان
بەرد بگرنە ماڵی کەس..!

کۆتایی ئەپریلی

2006